تورکیا بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت … جەزا ئەحمەد فارس

حکومەتی تورکیا لەماوەی رابردوودا هەمەتی گرتنی چالاکوان و ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلانی دەست پێکردووە بەبیانووی پەیوەندیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ئەمەش وای کردووە کە ناەزایەتیەکان لە باکوری کوردستان دژی ئەم سیاسەتە فراوانتر بێت .

دەسەڵاتدارانی تورکیا بەدەستگیرکردنی چالاکوانانەوە نەوەستان چەندین سەرۆك شارەوانیان دەستگیر کرد،پاشان هاوسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یۆکسکداغ) و ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی ئەم پارتەیان بە شێوەیەکی ناشارستانیانە راپێچی گرتووخانە کرد بەمەش تورکیا ئەو پەیامەی بەگوێی جیهان دا کە تورکیا بەرەو دواوە هەنگاو ئەنێت و ناتوانێت جیاوازییەکان قبوڵ بکات.

ئەم هەنگاوەی تورکیا سەرەتاکانی شەڕی هەڵگیرساندەوە و هیواکانی بۆ ئاشتی جارێکی تر لەناوبرد و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش بەرەو ئەوە دەڕوات ببێت بە ووڵاتێکی نەخوازراو و دور دەکەوێتە لە بەدیهێنانی خەونی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا.

زەنگی دەستپێکردنی شەڕ لە تورکیا لێدرا

بەدروست بوونی پارتی دیموکراتی گەلان جارێکی تر ئەو ئایدیا گەرایەوە کە دەکرێت ئاشتی بێتە ئاراوەو خەباتی چەکداری پێبنێتە قۆناغێکی نوێوە و ئەو کوشتارو خوێنڕێژیەی کە سەپێنرابوو بە سەر واقعی باکوری کوردستان سنور دار بکرێت و هەنگاو بەرەو چارەسەری پرسی کورد بنرێت لەبەر ئەوەی ئەم پارتە تەنها نمایندەی کوردی نە دەکرد بەڵکو خۆی بەنمایندەکاری سەرجەم دیموکراتی خوازەکانی تورکیا دادەنا کە کار بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و کەمینەکانی تر دەکەن.

بەڵام بە دەستگیر کردنی سەرانی ئەم پارتە جارێکی تر زەنگی دەست پێکردنی شەڕ لێدرا و واقعی تورکیا بەرەو ئەوە دەڕوات کە جارێکی تر شەڕ لەناو باکوری کوردستان دروست ببێت.

هەموو پێشهاتەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە شەڕێکی خوێناوی دروست ئەبێتەوە لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیادا .

لەحاڵەتەی بوونی شەڕدا جارێکی تر ڕەحی دوژمنکاری لە نێوان کورد و

تورك دروست دەبێتەوە، مەلەفی چارەسەر کردنی پرسی کورد دادەخرێت و تورکیا بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت.
لەپاڵ ئەوەی کە زەنگی شەڕ لێدرا جارێکی تر شەقامەکانی باکوری کوردستان دەبنەوە بە گۆڕەپانی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان دژی سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا و ئەگەری پێك هەڵپژان لە نێوان پۆلیسی تورکیاو خۆنیشاندەران هەیە.

تورکیا ووڵاتانی جیهان نیگەران دەکات

ئەم واقعەی کە تورکیای پیادا تێدەپەڕێت ئەو وولاتە ئەکات بە ووڵاتێکی نەخوازرا و لە سەر ئاستی نێوەوڵەتی لە بەر ئەوەی هەر دەوڵەتێك خۆی بە دەوڵەتێکی دیموکرات بزانێت نابێت بە شێوەیەکی ناشارستانیانە نوێنەرانی گەل رابکێشێت بێ بەندینخانەکان بەهەر بیانوویەك بێت.
وویلایەتە یەکگتووەکانی ئەمریکا و ووڵاتانی ئەورووپا بەتوندی کەوتوونەتە لێمە کردنی تورکیا بۆ ئەم هەڵوێستەی و ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە نیگەرانن سەبارەت بەو رووداوی گرتی هاوسەرۆکەکانی یارتی دیموکراتی گەلان و ئەندام پەرلەمانەکانی و داوای ڕاگرتنی ئەم گرتنانە دەکەن لەبەر ئەوەی بە پێی بنەماکانی دیموکراسی پێویستە ڕۆژ لە جیاوازیەکان بگیرێت و ناکرێت نوێنەرانی گەل دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕاپێچی گرتووخانە بکرێن.

بە بەردەوام بوونی تورکیا لە سەر ئەم ڕەفتارانەی ئەوە خەونی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەو ڕوپا لە دەست دەدات لە بەر ئەوەی ووڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا هەمیشە ڕەخنەی ئەوەیان لە تورکیا گرتووە کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا لە بارودۆخێکی خراپدایە و بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتیەکەیان پێویستە هەموو هەوڵێك بدەن بۆ باشکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگەی ئاشتیانە.

پارتەکانی باشوری کوردستان یەك هەڵوێستن سەبارەت بە گرتنی سەرانی هەدەپە

لەباشوری کوردستان پەرتەوازەییەی باڵی کێشاوە بە سەر سەرجەم کایەکاندا و یەکتر قبوڵ نەکردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتری بووتە سیمایەکی باو بەڵام سەبارەت بەگرتنی سەرانی هەدەپە سەرجەم لایەنەکان ناڕەزایان دەربڕیوە بەشێوەی جیاجیا، ئاماژە بەوە دەکەن کە نیگەرانن لەم ڕەفتارەی تورکیا و دەبێت ڕۆژ لە نوێنەرەکانی

خەڵك بگیرێت .
لەراستیدا هاو هەوڵست بوونی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە گرتنی هاوسەرۆکەکانی پارتی دیموکراتی گەلان ئەو راستیە دەردەخەن لەپاڵ جیاواز بوونی دیدگای پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئەکرێت کە هەموان هاوهەوڵست بن سەبارەت بە پرسی کوردو هەندێك بابەتی نەتەوەی .
لەمەی سەرە وە ئەگەینە ئەو راستیەی هەرچەند ناکۆك بین لەناوخۆدا ئەکرێت لە پێناوی پرسە نەتەوەیەکان هاوراو هاو هەوڵست بین.

بەشی سێیەم و کۆتایی گفتوگۆی دەنگۆکان لە گەڵ بەڕێز عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)

بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تری ئەم چاوپێکەوتنە کلیک لەسەر بەشەکان بکەن لای خوارەوە
بەشی یەکەم:.....

بەشی دووەم:.....

دەنگۆکان :
مارکس لە تێعمیمکدا بۆکۆنگرێی نەونەتەوەیی یەکەم باسی لەسەربۆخێی ئیرلەندا کرد، لینینیش بۆ هەمان شێوە باس لە هەشیارکردنەوەی نەتەوە زۆەم لێکراوەکان دەکات بۆ ئاراستەی سەربۆخێیدا.ئەوە چۆن دەڕوانێ هەسوکەوتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا هەر لە حیزبی شوعییەوە تا دەگاتە کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە دیدو تەڕوانینیان لە بەرانبەر کێشەی نەتەوەیی کوردا، وەك کێشەیەکی زیندوو لە ناوچەکەدا؟

عدنان کریم :

لە قۆناغی دامەزراندنیەوە، بناغەی سیاسەتی حیزبی شیوعیی عێراقی لەسەر کۆمەکێک وەستابوو کە بریتی بوو لە کۆتایی هەنان بەدەستهاتی نیمچە داگیرکاری بریتانی لە عێراق و ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتی کە هێمای وەکیلی ئیستیعماری بریتانی ئەبینی.ئامانجی شیوعیەکان لە عێراقدا لە گشتی ترین ئاستدا بریتی بوو لە بنیاتنانی عێراقێکی نیشتیمانی و دیموکرات و سەربەخۆ کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیایدا سەروەر بێت. واتە عێراقێکی ئازاد و سەرفراز کە ئایدیایەکی نەتەوەیی یا دینیی نەبێت و عێراق ووڵاتی هاونیشتیمانیەکانی بێت. شیوعیەکان لەو قۆناغەدا لەو چوارچیوەیەوە ئیانوانیە مەسەلەی کورد . بەوماناێ مەسەلەی کورد لە دیدگای حیزبی شیوعیەوە بەشێک بوو لە خەباتی گشتی خەڵکی عێراق بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گشتیەی کە باسمان کرد.
لەو قۆناغەدا حیزبی شیوعیی عێراق هەرچەن ئاگاری خەباتی جەماوەریی خەڵکی عێراقی ئەکرد تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی پێشوو، لە کوردستانیشدا هەمان پایگای بەهێزی هەبوو و هەمان ڕێگەی ئەگرتا.

بەڵام بەهەی تایبەتمەندیی مەسەلەی کوردەوە وەکوو مەسەلەیەکی دیموکراتی و بەتایبەتیش بەهەی لاوازیی ڕووتی ناسیونالیستیی عەرەبی لەو قۆناغەی عێراقدا و لاوازیی پێگەی ڕووتی عروبی و شۆفینیزمی عەرەبی ، جگە لە لاوازیی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد، حیزبی شیوعی لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە مەسەلەی کورد لە چوارچیوەی کۆمەڵک ئیساحاتی دیموکراتی لە عێراقدا چارسەر بکات و ئەو سیاسەتە جگەی مەقبووڵیەتی خەڵکی عێراق بوو بەخەڵکی کوردستانیشەوە. یەکێک لەو فاکتەرە بەهەزانەی کە لەقازانجی ئەو سیاسەتە هەئیسووڵا پشتیوانیی جەماوەریی فراوانی خەڵکی عەرەبی عێراق بوو لە ئاواتی خەڵکی کوردستان بە لابردنی کۆتی ستەمی نەتەوەیی لەسەریان. جگە لەوەش ڕژەمی پاشایەتیی ئەوکات ڕژەمێکی ناسیونالیستیی عەرەبی نەبوو.

ئەو ڕژەمە بە یەکسان جێی نەفرەت و ناڕازایەتیی هەردوو میللەتی عەرەب و کوردی عێراق بوو. لەهەمووشی گرنگتر ئەو خاڵە بوو کە ناوەڕاست و خواروی عێراق سەنتەر و چەقی قورسایی خەباتی شۆڕشگێڕی جەماوەری و دیموکراتیی خەڵکی هەموو عێراق بوو کە ئەوەش لە قازانجی چارسەرکردنی مەسەلەی کورد بوو لە چوارچێوەی یەکگرتویی و یەکپارچەیی خەباتی دیموکراتیکی هەموو خەڵکی عێراق بەسەماندنی مافە نەتەوەییەکانی کوردەوە.

ئەوەی کە قابیلی ڕەسمیی ئەو هێزەستەی حیزبی شیوعی لەو کاتەدا

لەژێر تایتڵی ئەتەنەمی یا مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورددا گەلالە ئەکرا فاکتەر و مەسەلەی سەرەکی نەبوو بەقەدەر ئەوەی کە ستەمی نەتەوەیی لەسەر گەلی کورد لەچوارچێوەی خەباتی سەرتاسەری دیموکراتیکی هەموو خەڵکی عێراقدا بەسەرەنجام بگات و لەجەرگەی ئەو خەباتەدا جێگیر بێت. جگە لەوەش چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەر گەلی کورد لە قۆناغی پاشایەتیدا ، لە ەاستیدا ، ئەو قاڵبە زبر و تووندوتیژ و سەرتاسەریە و ئەو خەسڵەتە میلیتاریەی نەبوو کە لە قۆناغەکانی دواتری کەماریدا هەیبوو. لەچاو هەموو ژەمەکانی دواتردا ، سوڵتەی مەڵەکیی عێراقی لەهەموویان نەرمتر و لیبراڵ تر بوو بەڵام بەرچاوگرتنی ئەو فەزای کوشت و بڕەی کە بەتایبەتی لە ١٩٦٣ بەدواوە لەلایەن ژیمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە لەبەرانبەر گەلی کورددا و گشت گەلی عێراقدا پیادەکرا.

لەەاستیدا حیزبی شیوعی خەباتی ئەکرد بە بەدیهێنانی عێراقێکی نیشتیمانی و دیموکراتیک کە جیاوازی نەتەوەیی جێگەیەکی لە سیمای ئەو دەوڵەتەدا نەبێت. تا ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ئەو سیاسەتی ڕەسمیی حیزبی شیوعی بوو سەبارەت بەمەسەلەی کورد و پەموابەت سەرکەوتوانە توانی باڵانسی ئەو سیاسەتە ەابگرێت. واتە حیزبی شیوعی توانی هەم ڕەوتی شۆفینی عەرەبی زەر لاواز بکات و هەم توانیبووی کە جۆری خەباتی گەلی کورد لەدەستی ناسیونالیستی کورد و نوخبەی ڕەسمی و تاقانەکەی واتە پارت دیموکراتی کوردستان دەربهێنێت. ئەو سیاسەتە بەدەر لەوەی کە ناوەکەی ئەتەنەمی بوو یا هەر شتێکی تر، خەباتی گەلی کوردی وەکوو میللەتێکی زوەملەکراو کرد بە بەشێک لە خەباتی سەرتاسەریی خەڵکی عێراق بە بەدیهێنانی نیزامێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز کە زەرترین دەسکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بە هەموویان هەبێت لەسایەی جمهوریەتێکی دیموکراتیکدا.

دیارە ئەو سیاسەتە کاریگەریی هەبوو لەسەر هەڵوەستەکانی پارتی وەکوو حیزبی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد. پارتی کە بەهەی بوونی حیزبی شیوعی و ئەو سیاسەتەی پێشووی و پایگایەکی بەهێز کە لەناو کورد و عەرەبی عێراقدا هەیبوو، خاوەنی پایگایەکی ئەوتە نەبوو و زیاتر لە ناو ئیلیتی قەومی و دەربەگ و ڕەشنبیرانی موتوربەکراو بە بیری قەومی و کوردایەتی نفوزی هەبوو . بە خەگونجاندن لەگەڵ ئەو مەددە دیموکرات و چەپەی کە مەسەلەی کوردیشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشابوو، پارتی چارەکی نەمابوو جگە لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی بوون و بگرە چەپ بوونیش بکات. ئەو مەدی ئەو ڕەژگارە بوو و حیزبی شیوعیش پێویستی بەوە نەبوو کە دژایەتی

پارتی بکات و بگرێ پشی باش بوو پارتیش لە مەوقیعێتکی لاوازترەوە ، گەر لە ژێر زەبری زەمانشدا بێت ، پێویستی لەسیاسەتکی چەپی یا پشکەوتنخواز بکات . پارتی بە دوانکەوتن لەو هەوتە لە ١٩٥٣دا ڕایگەیاند کە ئەوانیش (سوود لە تیۆریی مارکسیزم – لینینیزم وەرئگرن بە داشتنی سیاسەتکانیان) .

هەر لەو سەروبەندەدا حیزبی شیوعی ، لە زەمانی سەرکردایەتیی باسمدا (واتە بەهادین نوری) مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارنووسیان هێنایە ئاراوە وەکوو چوارچێوەیکی ئوسوڵی نێک وەکوو بەرنامەیک بە چاری مەسەلەی کورد لە عێراقدا. ئەوە ٢ هەی هەبو. لەلایکەوە بە ڕاکەشانی خەباتی خەڵکی کوردستان کە لە پێنجاکانی ئەو سەدەیەدا پڕەی سەندبوو و لەولاشەوە بە تێریککردنی پارتی و هەگری لەوەی کە مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی تەسکی کوردایەتیدا شتێک بدات.
جێی بیرهێنانەوەیە کە لە هەموو مێژووی چلەکان و پێنجاکاندا و بەهەی خەباتی کۆنپارێز و ناسیونالیستیی خۆیەوە پارتی نەیتوانیوە خەباتی جەماوەریی گەلی کورد وەکوو بزووتنەوەیکی جەماوەریی گەورە هاوچەشنی ئەوەی لە بەغدا و جنووبدا ئەبینرا هەڵبخات و ئەوە شیوعیەکان بوون کە ببوون بە سیمبولی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستانیش. نموونەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ – ١٩٥٣ و دواتر ١٩٥٦ لە دژی حیلفی بەغدا و بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان لە ١٩٥٣ نموونەی زەقی ئەو ڕاستیەن.

دیارە هەموو ئەوانە دواتر بەسترانەوە بە چارنووسی حکوومەتی کەماریی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بوە . لە دوای ٥ ساڵ تەمەنی حکوومەتی کەماریی عەبدولکەریم قاسم ، حیزبی شیوعیی عێراق نەیتوانی خەی ڕاستەوخۆ دەسەڵات بگرێتە دەست و سەقیتیەکان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ پێیان ڕاگەیاندن کە ئەوان لەدژی هەنگاوەکی لەوجۆرە ئەوەستنەوە ، و نە توانیشیان ئەو سیاسەتانە بکەن بە هەباز و بەرنامەی حکوومەتی عەبدولکەریم . ئەوە کەلەنی کردەوە بە بەهەزبوونی هەوتی ناسیونالیزمی عەرەبی و بەعسیەکان و بزووتنەوەی قومیە عەرەبیەکان (حرکة القومیین العرب) و هەروەها بەهەزبوونی ناسیونالیزمی کورد و پاشکشە بە بزووتنەوەی جەماوەری و دیموکراتیکی گەلی کورد. ئیتر هەم مەسەلەی کورد و هەم چارنووسی هەموو ژیانی سیاسیی عێراق کەوتە ناو بەرداشی هەوتەک ناسیونالیستیی عەرەبیی فاشیی و بزووتنەوەیکی کۆنپەرستی کوردی کە بوو بە سووکان بەدەستی

مەسەلەی کورد و لێوەشاوە مەسەلەکە جگە و بوو بە دەسکێشی دەستوەردانی ئێران و بەریتانیا و ئەمریکا لە سایەی سیاستە کۆنەپەرستکانی هەموو باڵکانی پارتی و بزووتنەوەی کوردایەتیەوە.

هەرچی جارنووسی حیزبی شیوعیە ئاویش گەڵانی ڕیشەیی بەسەردا دێت. دوای سەرکوتە خوێناویەکانی کۆدەتای فاشیستیی ١٩٦٣ی بەعس و قومیە عەرەبیەکان ئیتر ئەم حیزبە هەم تووشی لاوازی و لەدەسدانی پایگا جەماوەریەکەی ئەبێت و هەم هێڕش لەدوای هێڕش ئاستەوی زیاتر بەسەریدا زاڵ ئەبێ تا لە ١٩٧٣ دا و دوای هاتنەوە سەرکاری بەعسیەکان وەکوو سۆڤیەتی هاوپەیمانیان بڕیارەکی هاوبەش لەگەڵ بەعسدا پێکدێنن و ئەچنە ناو دەسەاتە فاشیەکەی بەعسەوە کە دواتر ئاودێڕن و بەعس ئیشی پێیان نامێنێت و دیسانەوە دێنەوە پاڵ بزووتنەوە چەکدارییە کۆنەپەرستکەی مەلا مستەفا .

ئەم ئاوگەڵانە ئیتر ئەم حیزبە دائەبڕێت لەهەر ناوەڕۆک و سیاسەتێکی شەڕشگێڕانە و لە هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە تا ئێستا هەمیشە حیزبی شیوعی وەکوو هاوکار و دەستی باڵا ئاستەو کۆنەپەرستکانی ناو بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد ڕەچاو گەڵاوە . ڕەوتی ئەو سیاسەتانە ئەمڕۆ گەیاندوونی بەشوێنک کە ئیتر حیزبی ناوبراو لەمەدا هیچ پەیوەندیەکی واقیعی بە هیچ لایەنێکی خەباتی خەڵکی کوردستانەوە نەماوە چ جای هەوڵی ئەو خەڵکە بە چارەکردنی مەسەلەی کورد بەشێوازێکی ڕادیکال و شەڕشگێڕ.

بەڵام کێیسی کۆمۆنیزمی کریکاری زۆر جیاوازە.

ئەم ڕەوتە نوێنەرایەتیی هیچ بزووتنەوە و کۆشەکێشکی سیاسی یا چینایەتی و کۆمەڵایەتی ناکات لەناو هیچ چین و توێژێکی خەڵکی عێراق یا کوردستاندا. کۆمۆنیزمی کرێکاری لەهەناوی هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی کاریگەری کۆمەڵگای کوردستانی عێراقەوە نەهاتۆتە دەر. ئەم ڕەوتە درێژەی ڕادیکالبوونەوەی چەپی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشووی کوردستانی عێراقە کە لەدوای ڕاپەڕینی ئێرانەوە بە لێکدانەوەیەکی قووڵ کە جگەی ئیقناعی سادەترین چاودێری سیاسی بێت ئەبێ بە پاشکۆی تیارێکی دابەاوی ناو چەپی ئێران.

ئەو کورتە تایبەتمەندیانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هەمام پێدان کاریگەری هەبوو لەسەر تێواننیان بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراقدا. ئەم ڕەوتە پایگای خۆی بە بزووتنەوەی کرێکاری

دیاریکردووە ، بزووتنەوەیەک کە لە کوردستاندا هیچ خاسیەت و بروزکی سەربەخۆ، دیار ، کاریگەر و ڕەشنی نەبووە لە کۆمەڵگەدا.چینی کرێکاری کوردستان ، کە ئەم حیزبە گرەوکی زەر و قورسی لەسەر کردووە ، لە واقیعکی زەر جیاوازتردایە لەچاو ئەو وێنەیەی ئەم حیزبە بۆ کێشاوە. جگە لەوەش خۆ ئەم ڕاستە کە دواتر حیزبی خۆی لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە پێکدێنێت، هیچ جۆرە کاریگەری، لێکۆڵین ، بڕیارێت و جێدەستێکی دیار نیە بەسەر بزووتنەوەی کرێکاریەوە.

لەبڕانبەردا بزووتنەوەیەکی پانوپۆڕ ، بەهێز، خاوەنی پایگای کۆمەڵایەتی ، زیندوو و کاریگەر هەبووە کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانە بە ڕاماڵینی دەسەڵاتی ژێمی بەعسی ئۆکات ودوایی هێنان بە چۆوسانەوەی نەتەوەیی و جینۆسایدکە لەدژیان پیادەکراوە ، بەڵام حیزبی ناوبراو زەر بی موبالات ڕوانیویەتیە ئەم بزووتنەوەیە و هەر چاوەڕوانی هەستانی بزووتنەوەی کرێکاریی کردووە. ئەوە بە بڕاورد بە حاڵەتی حیزبی شیوعی لەبەشی یەکەمی وەڵامی هەر ئەم پرسیارەدا جیاوازی تەڕوانینی ئەم دوو ڕەوتە بە خەباتی سیاسی بەتەواوی نیشان ئەدات. هەبەتە هەر بە پێی تیۆریی مارکسیزمیش ناکۆکیەک نیە و ئەوە لە کۆمۆنیستەکان حەرام نەکراوە کە ڕابەریی بزووتنەوەکان بکەن بە داماڵینی کەتی ستەمی نەتەوایەتی بەتایبەتیش کە ئەو بزووتنەوەیە ، وەکوو حاڵەتی کوردستانی عێراق ، هەم عادیلانە بووە و هەم زەر بەتەوژم و گوە وتین دەژێی هەبووە و پەتانسێلکی پشکۆتنخوازیشی هەبووە.

لایەنگری و تەنانەت بەشداری یا ڕابەرایەتی کردنی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە داماڵینی کەتی چۆوسانەوەی نەتەوەیی شتەکە جیاواز لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی و بە پێچەوانەوە زامنکردنی ڕابەرایەتیەکی شۆڕشگێڕانە بە ئەو بزووتنەوەیە پاشکشە بە ناسیونالیزمی کوردیش ئەکات.

بەڵام کێشەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەوە بووە کە ئەوان لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هێناسن تا شیکردنەوەی دروستی بە بکەن ، خاسیەتکانی دیاری بکەن ، خاڵە لاواز و بەهێزکانی دەستنیشان بکەن ، بەوجۆرەی کە بە فیعلی و واقیعی هەیە نەک بەوجۆرەی ئەوان ئیانەوە، تا سەرەنجام بتوانن بکەوێنەگرتن لە تیۆری و تاقیکردنەوەکانی مارژوو بەرنامە و سیاسەت و هەوێستی دروست لەبڕانبەریدا دیاری بکەن. ئەمک بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەم ڕەوتە کۆمەڵگەی کوردستان بە لاپراتۆر و تاقیگەیەک ئەزانن بە

پیادەکردنی بیروباوەڕە ئایدیۆلۆجیەکانی خۆیان. واتە ئەوان ئێستا وەک واقیع بەولایەدا بابدەن کە ئایدیۆلۆجیی کۆمۆنیزمی کرێکاری ئیدیعای ئەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ناسیونالیزم شەرمەزاریە بەشەریەت " کە حوکمەکی تیرۆریی دروستە، کەوتنە گرتنبەری سیاستێکی پاسیفیستی و نەهلیستی لەبواری مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەکو مەسەلەی کورد لە عێراقدا. ئاخر ئەوە ناکۆکیەکی زۆق بوو کە لەلایەکەوە بانگەشە بە مافو تەنانەت پەویستیی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بکەیت و لەولاشەوە بە گەلی کورد بڵێیت " کورد زمان " کە نە لەووی زانستیەوە دروستە و نە لەووی سیاسیەوە. ئەوە ترس نەبوو لە خزان بڕەو هەوەستگیریی ناسیونالیستیی بەقەدەر ئەوەی هەنگدانەوەی سیاستێکی پاسیف و عەدەمی بوو و هەیە.

بەڵام لە دوایدا پەویستە ئەوەش بڵێم کە ناکرێ مەسەلەی کورد لە عێراقدا لەم قۆناغەدا هیچ وەکوو پەنجا ساڵ لەمەوپێش و تەنانەت وەکوو نەوەتەکانی سەدەی پێشوو تەماشا بکرێت. ئەمڕۆ مەسەلەی کورد لە عێراقدا کەوتۆتە ژێر تەپوتۆزی سیاستی مافیایی و چەتەگەریی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە" کوردایەتی " . بزووتنەوەیەک کە دابەش بووە بەسەر سەنگەرکانی هەزە فاشیکانی وەکوو تورکیا وسیاستی میحوەرسازیی نەوان ئێران و تورکیادا کە جگە لەوەی ٢ قوتبی کۆنەپەرستی ناوچەکەن ، خەشیان بەهەموو شێوەیەک ئاواتەکانی گەلی کورد لە ووڵاتەکانی خەشیاندا لەخوەندا غەرق ئەکەن.

هەژموونی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە بواری مەسەلەی کورددا ، خاسیەتی ئەو مەسەلەیەی بەتەواوی شواندووە و تەکنەی کردووە لەگەڵ سەفەقاتی نەوت و ئیرتیزاقی سیاسی و گەندەڵی و تاڵانچێتی و کرێگرتەیی و هتد لەبەرانبەر بەرژەوەندی و چارەنووسی زەربەی خەڵکی کوردستاندا ڕایگرتووە. ئیتر جوینەوەی شیعارە کلاسیکیەکان و مەقوولە تیرێ کۆنەکان نەک هیچ ووون ناکۆنەوە لەم بوارەدا بەڵکوو هەنگبە سەرگەژی و تەومژیش دروست بکەن.

دەنگەکان: لە کۆتایدا زۆر سوپاسی کاک عەدنان کەریم دەکەین بە تەرخانکردنی ئەو کاتەی، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانماندا.

ئەوەی نەدەبوو رویدایەوە ئەوەشی دەبوو بکرایە ... نەوزاد جەمال

ئەوەی ئێستە لەئارادایە، جگەلە داتەپینەکی سەرتاسەری هیچیتر نییە. ئەمە ناتوانین هیچ ناوو ناونیشانەکی تری بە بدەزینەوە. جگەلەوەی ئەم دەخە ئەنجامی کەمتەرخەمیەک هەکارە. بەڵام داتەپینەکە بەئەندازەی مەترسیدارییەکەی، ئەوەندەش چاوەڕوانکراوە. تەنها کێشەکە لەوەدایە کەپێشبینی و ئامادەیی بۆنەکراوە، دەنا دەخەکە وەک ڕێگەیەک بەرەودەزگا بەرچاوە. هەر لەنابووونی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی دروستەوە تا لاوازی دامەزراوەیی و فشەیان، لەنابووونی حزبی مەدەرن و کەمەگەی مەدەنییەوە تا لاوازی تاکی هەشیارو بەرپرسیار، بێشکن لەهەکارە خێیەکان. بەڵام جگەلەمانەش، ناکرێت هەکارە دەرکییەکان نادیدەبگرین. چونکە بەسیستماتیکی و میکانیزمی جیا کار لەسەر پووچەڵکردن و لاوازکردنی ئەم بێشی کوردستان کراوە دەکرێت.

بەئاشکرا، دیارە کە ئاسایشی کەمەایەتی و کولتوری، ئابووری و سیاسیمان خەرقکراوە. ئەوەی ئێستە لەلاوازی بەیاردانی سیاسی و کەمدەستی چارەسەری ئابووریدا دەبینینەوە، چنینەوەی بێشکی ئەو هەوەڵەرکخراوەیە. لەڕەدا، باسکە وتنەوەی وەهمی تەوری پیلانگەڕی نییە، بەئەندازەی ئەوەی کەخەرقکە هێندە بەرجەستەو زەقدیارە، کە ئەجێندەکانی چیتر بە ئەمە شاراوەنین. دابێشبوونی ناوهەرێم بەکردەیی لەو ڕووەوە دیارە کەهەر حزبێی کەوتۆتە ئەجێندای دەوڵەتکی جەمسەریی ناوچەکە.

کەواتە؛ ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات، هاتەدی و ئێستەی لەکەوتەوە. بەڵام، ئەوچییە کەدەبوو بکرایەو ڕوینەداوە؟ هەبەت، ئەوەی دەبوو بکرایە، بەریتییە لەگەڵانکاری گشتگیرو لەسەرووهەموشیانەوە بەلاداخستنی پرسە هەڵپەسەراوەکان. لەمەشەوە، پێشخستن و چاودەکردنی سەکتەرەکانی بنەڕەتیەکان هەر لەژێرخانی سیاسی و ئابووری و کەمەایەتی و کولتوریییەوە تا بنەماکانی دروستکردنی هاوەاتی و

تاکی سەربەخۆ.

ئەگەر سەرنجی پەروەردەوخوێندن بدەین، دەبینین پەروەدەی ئەمڕۆی وەک بوونەوەرێکی بەهادارو چەقی ژیانی نەکردۆتەوە ئامانج. بەڵکو، لەخوێندنی بنەڕەتیەوە تازانکە پەداگیری لەوەرگرتنی زانیاری و پەدانی ئامۆژگاری سەدکانی ناوەڕاستکراوە. جگەلەوەش، لەلای نەوەی ئەمڕۆ سەرجەم ماناکانی کوردبوون، مرۆڤبون، نیشتمان، خەبات، داکۆکی لەمافەکان بوونەتە شتی لاوەکی و قەزەوەن. هاوکات، دیاردەی بەرخۆری دەگاتە ئاوەڕی کە هەموچاوەڕێبین و هیچیش نەیەت! بەداخەوە، دیمەنەکان بەتە ئاوەڕی کەمەگەی کوردستانی دەرزەکەر، چاولەدەرو دەستپانکەرەوەیەکەو هیچ پەتەنسیایەکی خۆزیاندن و سەرپەخۆستانی تێدانابەت.

بەڵام، لەبەرامبەر ئەم داتەپینەدا، زمانێکی سیاسی دابەشبوو دەیەوێت راستیەکان ئاوەژووبکات. بەیەک، ئەم دیاردەیە بە'بەمانابوونی زمان' ناودەبەم. ئەمەش، ووتن بووتە ناماقوڵیەکی رەکخراو. ئاوەڕی ناوی چاوەڕێکردن و خەڵاگریەیە، بەتە بەقی سەرئاو. باسکردنی هیواوئومێد جارێکە لەوەهم. پەناسەی ژیانی باش، دریەکی راستەو ڕەشبینی بوونەتە پیشەیەکی بەبەرامبەر. هەموو ئەم بەمانایانەو هیتریش، ئیش لەسەر هەڵەتکاندنی بونیادی کەستی ئەمەدکەن.

یەکێک لەو بەمانایانەی زمان، لەوەدایە بارودۆخی سەخت و نامرۆڤانەمان، بەقەیران وەسفکەین. وشەی قەیران بە دۆخی مرۆیی و سیاسی ئەمە نابەت. چونکە، هەموو قەیرانیک هەو ئەنجامی هەیە. هاوکێشەیەکە کەرگەچارەی سەرەتایی و کۆتایی خۆی هەیە. لەپرسراو بەرپرسیاری تێدایە کە کەبەرپرس و دامەزراوە هەکاری قەیران و چارەسەر دەگرێتەئەستۆ. جگەلەوەش، ئەو زمانە سیاسی و حزبئاساییەی ئەمڕۆ توانای نیشاندانی راستی و شتەکانی نییە. چونکە، ئەوەندە کەوارو دابەشبووە لەنەوان بەرەی خەو شەدا، لەنیوان نەفرەت و پەداهەڵدانداکە ئیتر پانتایی بیرکردنەوەی سەربەخۆی نەهێشتۆتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کەزمانی دەربڕین لەبارەی کێشەکانەوە، بەئاستەی شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی راستیەکان کاردەکات. لەگوتاری حزب و سەرکردەکانیدا، بەردەوام بیرکردنەوەی ناوون و نادیارکراو بەبەکارهینانی دەستەواژەی فرەواتاو جیاواز دەخوێنینەوە. دیارە، ئامانجیش خەدزینەوەیە لەبەرپرسیارەتی کێشەکان و خستنە ئەستەی ئەویترە. فەدانی تەپکە بە گەپانی لایەکیترە، لەکاتێکدا

هەردووبارە رکابەرەکە، دەیانەوێت ئیعتراف بەیەکتربکەن تا خەڵادستکات یا بەمەرجەکانی پێشووتر رازیبێت!

ئەمش بنەمایەکی دروستی دانوستان نییە. لەم سنگەوە، بەکارهێنانی وتەی کەشێیی وەک "ئەمە کوردستان لەمەترسی و هەڕەشدایە، یا پیلانگێڕی و دوژمنی ناوخۆ، هتد لەئارادایە. ئەمانە، بەجۆرێک درێژدانە بەدەخەکە. ئێدی، زمان نەک بەقسەی فیلەسوفی ئەمانی'هایدگەر' کە "هەماهێنی راستی بوونە"، بەڵکو لەزاری سیاسی و میدیاکانیانەوە دەمامکێکە کەدواجار لەپێی دەربڕینی ریتەریکییەوە، داپێشینی راستیەکانە. لەباتی بەکارهێنانی ژیربڕی، بەگەو سەلماندنی راستیەکان هەبێت، گەمە بەهەست و هەڵچووون و نەستی مرۆڤەکانمان دەکرێت. لەئاکامدا، سەرچاوەی کێشەکان بەرەو نادیار دەبرێن. ئیتر بەهەی ئەو زمانە سیاسییەوە کە ئەمە لەمیدیاکانیانەوە پەخشدەکرین، ئەمە دەکەوینە کەمەگەی پاش راستیەکانەوە. کەمەگەیەک کەدابەشبووە، ماناکانی مانەوەو ژیانێکی شیاو سەقامگیری ئەو زمانبەندییەوە لەدەستداوە.

پاش منجەی لایەنەکان، ئەستە کێشەکان سەوی ژیانی خەیان تەواوکردووە. ئیتر بەرپرسەکان چاوەڕێی چین؟ کە قوربانی سەرتاسەری لەئاستی سەکتەرەکانی پەروەردە (بەراگرتنی بەهەی مانگرتنەوە یا بەردەوامبوون کەسست و بگیرانە) درا. کە کەرتی تەندروستی و فەرمانگەکان بگشتی ئیفلیجن. کاتێک وەبەرهینان و کەرتەکانی تریش پوکانەوە، ئیتر نەرێی بەرپرسەکانە کە ئەوانیش قوربانی خەیان بدەن.

جا بەسامانەکانیان، یا پگەکانیان یا بەخواست و چاوەڕوانیەکان بێت. ئەمش واپێوستدەکات سەرکردەسیاسیەکان، بەرپرسەکان لەو گشگیرییەی بیرو نەستیان بنەدەر. سیاسەت لەواقیع و لەگەڵ یەکتریدا دەکرێت، نەک تەنها بەخولیایەکی ناخەکی.
ناکرێت، خەیان بەسەرکردەو بەرپرس بزانن، لەپێناو چاکەی گشتیدا توانای بەیارو سازشکردنیان نەبێت. ناشبێت لەوەزیاتر ژیانی خەڵکی بوەستێنن، خەشیان رادەستی ڕووداوو دەخەئاەزەکە بکەن. ئەمە ئەستەمە هەر بەتاکەکەسەک سەرکەوتنی سەرتاسەری بەدەستبهێنێت. لەکاتێکدا دەکرێت کەسەک ماوەرانی و تێکشکان بەسەر گەلەکەدابهێنێت. بینینی بەرژەوەندی و گرفتەکان بشێوەیەکی تاکلایەنە، ئیفلیجکردنی توانای بریاردان و چارەسەرکردنیشە.

ناهەقیەکی گەورەیە گەردنی ئەو هەموو مرۆڤە، بخەنژێر بەزەیی

هەلومەرجەناوخەیی و دەرکیەکانەوە. مەترسی نەوخەیی ئەمە هاوشانە بەهی دەرکی، ئەمەش کانگەی مەترسیکەیە کەتنها لایەکیان ببینیت. دەبەت وەک شاعیری ئەمانی ‘هەدەرلین’ ئەو راستیەە بزانن کە: ‘لەکوە مەترسی هەبوو، لەوەش رزگاری نەشونمادەکات’.